# فلكەی چەپ لە هەولێر

عەلی مەحمود محەمەد

لەسەردەمی گەرماو گەرمی  شۆڕش و ڕاپەڕیندا , هەموو پنتێکی  وولآت بە ناومالْ و سەر سفرەی هاولآتییانەوە , سەربان و بەر  دەرگا , بان تەنوربان و زبلْدان , کارگا و کارخانە , گۆڕەپانی قوتابخانەو ناو پۆلی خوێندن , ژوری بەڕێوەبەر و  شوێنی فەراش , بازاڕی کۆنە فرۆشی , چایخانەی قەرزاران و مەیدانی وەستایان و عەمەلان , بازاڕی پیرێژنان و فلکەی بێوەژنان .......هتد , هەمووی دەبێتە ناوەندی سیاسەتکردن و سیاسەت بازی و پڕوپاگەندەی سیاسی , بە کوێیا گوزەر دەکەیت و لادەکەیتەوە فسکە فسکی سیاسەت و لێو جولآندن و هوتاف کێشان و بابڕی و چەپلْە لێدانە , بەهۆی توندی مشت و مڕە سیاسییەکانەوە دەم چاوەکان سور هەلْگەڕاون و پالْەپەستۆی خوێن فڕیوە بۆ ئاسمان , قەد دیوارەکان شوێنی لافیتە و پۆستەری نوێی تێدا نەماوە , مردووەکانی جەنگە نا موقەدەسەکان و قەزاو قەدەر  هەموو بوونە بە شەهیدی سەنگەری حیزب و پۆستەرییان بۆ دروستە کرێت و مەراسیمی پەردە لادانییان بۆ ڕێکە خرێت , سەر شۆستەکان لەبەر بەیاننامەو پەرتوکە کۆپی کراوە شۆڕشگێرییەکان ڕێ بە ڕێدار نادات , ئەو  پەرتوکانەی چەندین سالْە لە ژێر زەوی دا شاردراونەتەوە هەموویان بە زەردەوەبویی سەر دەردێننە دەرەوەو خۆیان دەکەن بە دوکانی کۆپییەکانا , بازاڕی چەك فرۆشی و خۆشنووسی و پەرتوکخانەو کۆپی باشە , کۆمەلْ بەستنی لاوان لە دیار پەرتوکە کۆپی کراوەکان دەلْێی پۆلە هەنگن , دەبێت ورگی حەشامات بدڕیت کە هەموو سەرنجییان لە سەر ناونیشان و وێنەی بەرگی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناميلكەكانە تا چەند ئادرەسێكی شۆڕشگێڕانە بخوێنیتەوە و تەسكینی بەرز بوونەوەی حەماسەت بدەیت . خەڵكانی بێلایەن لەم قۆناغەدا تاق و تەرا دەبینرێن , هەموو كلكی لایەنێكییان گرتووەو خۆیان پێوەی هەڵواسیوە , بەرنامەی لانی كەم كەس بە فلسێك نایكڕێت , حیزبی تڵپە دبلۆماسی دەبێتە قارەمانی گۆڕەپان و كەسیش سەرۆكەكەی نابینێت , نە ڕەنگی هەیە و نە دەنگ , بە هەر كۆلانێكدا دەڕۆیت تڵپە دبلۆماسی و شیت مەخموری لە بەردەمت لەسەر دیوارەكان قیت دەبنەوە , قارەمانی یەكەمی قۆناغەكەن , بەردەم بارەگای پارتە سیاسیەكان جمەی دێت , ڕێ بەرپێدار نادات , هەر بابایە ڕۆژ تا ئێوارە لەوێ بەسەرە بات , خوا خوایەتی ئەركێكی پێ بسپێرن تا بەشداری خۆی بسەلمێنێت لە شۆڕش و هەست بە بوونی خۆی بكات , هاوكات لە ئێستاوە فراكسیۆنی توندڕەو كە كێرڤی حەماسەتییان ڕوو لە ئاسمان فڕیوە نەخشە بۆ كودەتاو جیابونەوە دەكێشن لە ناو پارتدا دژ بە سەركردایەتی پشوو درێژوو پراگماتی بە قەولی ئەوان سازشكار , تا دوایی وردە وردە بۆ خۆیان سارد دەبنەوە وا دەڕوخێن خوا حافیزی لە سیاسەت دەكەن .

بەرد هەڵدەیت لەبەردەم بارەگای پارتە سیاسییەكان ناكەوێتە زەوی , خەڵك خوا خوای بینینی سیاسییە ئەفساناوییەكانییانە , ئەوانەی چەندین دەیەیە بونەتە قارەمانی ڕادیۆكان , دەنگییان هەیە و ڕەنگییان نییە , بینینی سەركردەی یۆتۆپیای حیزب لەو ڕۆژانەدا ئەستەمە . ئێمە هەمووومان لەگەڵ وێنەی زیندووی ئەم ڕوداوەدا لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دا ژیاین لە كوردستان , هەمووومان سەركەوتین بۆ زەمەنی لوتكەی حەماسەتە شۆڕشگێڕییەكان , لەگەڵ بەرزبونەوەشدا هەموو لە نشێوی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دابەزینیدا غلۆر بوینەوە بۆ دۆڵی فس بونەوەی  ورەو هانا بردن بۆ بەرنامەی لانی لانی کەم .

لەگەڵ دابەزینی کەف و کۆڵی شۆڕشگێرانە , سنوری ناوچەی جموجۆڵە سیاسییەکان لە شارەکان بە قازانجی هێزی بە دەسەلآت گەیشتوو کەم دەبێتەوە , تا لە  کۆتاییدا لە چەند بازنەیەکی بچوکدا چڕ دەبێتەوە , بە تێپەڕ بوونی کات گۆڕەپان و سنوری چالاکییە سیاسییەکان یەکتر قوتە دەن , بازنەکان یەکترە خۆن, ژیان بۆ چالاکترینییانە , یەکێ لەو گۆڕەپانانە  هەموو ئەوانی دیکە قوتەدات و دەبێتە بنکەی مەیدانی پاشماوەی شۆڕش لە هەر شارێکدا , بە نەمانی ئەو شوێنە دوا تروسکایی ئازادی و دیموکراسی لە وولآت ماڵئاوایی دەکات .

تا ئێرە پێشەکی بوو بۆ ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم , ئەوەی دەمەوێت لەم بابەتەدا  تیشکی بخەمە سەر پنتی بەردەوامی شۆڕشە , چڕ بوونەوەی لە شوێنێکی شار دوای ساردبوونەوەی حەماسە شۆڕشگێڕییەکان , ئەو شوێنەی تا دوا چرکە بە ناوچەی گەرم و گوڕی سیاسەت و داکۆکی لە پاشماوەی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین  مایەوە لە شاری  هەولێر فلکەی چەپ بوو .

فلکەی چەپ  کەناری دەستە ڕاستی فلکەی شەهید سەردار سەعید سۆفییە , دەکەوێتە سەرەتای شێخەڵا بەرەو بازاڕی سیروان , خاڵی تەماسی نێوان ناوچەی دەست فرۆشان و ناوچەی چینی ناوەندە , نێوان بازاڕی میللی و بازاڕی هاوچەرخ , ئەفەندییەکان و کاسبکاران   پاش کاتی کار لەم پنتە تێکەڵ بە یەك دەبوون .

لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەردانی ئەم شوێنانەیان دەکرد زۆربەی زۆرییان لە ڕوی سیاسییەوە  پاشخانی بیری چەپییان هەبوو , بۆیە لەناو چالاکە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسییەکان بە نەیارانیشەوە ئەم شوێنە بە فلکەی چەپ ناوزەد دەکرا .
چەپەکانی کوردستان ئەو شانازییەیان بۆ مایەوە ئەم پنتە لە شاری هەولێر بە ناوییانەوە ناوبرێت . بەمەش ببنە داکۆکی کەری سەرسەختی لە بەها ئازادیخوازییەکانی ڕاپەڕین , چۆن لە ڕاپەڕیندا داینەمۆی سەرەکی بوون , لە پاراستنیشیدا سەرسەخت بوون و دوا لایەن بوون ماڵئاوییان لە دەسکەوت و بەهاکانی کرد .
ئەم ناوچانە لە هەموو شوێنێك دوا پنتی داکۆکین لە بەهاکانی شۆڕش , لە قۆناغی گوزەر لە سەردەمی شۆڕشگێڕییەوە بۆ سەردەمی کودەتای سیاسی پارتی بەدەسەلات گەیشتوو و خامۆش بوونەوەی کەف و کوڵە شۆڕشگێڕییەکان . شوێنی چالاکی هەوادارانی بێگەردی و خاوێنی و دڵسۆزییە دژ بە دەسەلاتی فاسید و دەرکەوتنەوەی ڕۆڵی دژ بە شۆڕشان و ناپاکان , ئەوانەی لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لە ترسی پاشەڵی سیاسییان خۆیان لە جەماوەر شاردبووەوە . شوێنی دەرکەوتنی ڕابەرانی نوێی جەماوەریی و کۆبونەوەی پاشماوەی ئەو شانانەی شۆڕشن کە بە وەفاداری ماونەتەوە بۆ ئامانجەکانی .
منێکی ئاوارەی کەرکووك لە ڕێگەی ئەم فلکەیەوە کۆمەڵێك هاوڕێی دڵسۆزم ناسی . ئەندامان لە هەموو شتێکدا نەیار بوون , بەڵام لە نەیارییدا لە نێوان خۆماندا تەبا بووین , بڕیارمان دابوو ئەگەر خۆشمان گەیشتین بە کورسی دەسەلات قاچی کورسیەکەی ژێرمان ببڕینەوە , چونکە ساغببوینەوە لەسەر ئەوەی کورسی سەیری هەموو ناکات بەیەك چاو , یەکێك دانیشتوو ئەوانی کە دەبنە سەیر کەر , یەك دەسەلاتدار ئەوانی کە ڕەعییەت , لە بەر ئەوەی هەمووان ناتوانن بەیەکەوە لەسەری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانیشن , دانیشتن تەنها بۆ یەك كەسە , بۆیە دادپەروەری لە كورسینیزمدا نییە .

ڕۆژانە لە سەر شەقامەوە كۆبونەوەكانمان ئەنجامە دا , تەواو نەبوایە پاشماوەكەی دواتر دەكەوتە ناوەندی سەردەمەوە , ناوەندی سەردەمیش تا دوا چركە بە بەرەی پشتەوەی فلكەی چەپ مایەوە .

فلكەی چەپ شوێنی بە یەككەیشتنی ڕۆژانەمان بوو , لێرەوە بڕیاری دەركردنی بەیاننامەی نوێ دەدرا و دەرچوەكانمان بڵاودەكردوە , خۆپیشاندان و میتنگ و چالاكییەكانی شار زۆربەی زۆری لێرەوە ڕێكە خرا و سەركردایەتی دەكرا , سەرباری كۆمیتەكانی داكۆكی لە كوردەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان هەموو مامانییان فلكەی چەپ بوو , نەك كۆمیتەكانی شاری هەولێر بە تەنها بگرە هەموو كوردستان لێرەوە ڕێكەخراو ئاراستە دەكرا .

تەواوی كۆبونەوەكانی ئەم ناوەندە ئازادە , دیوارێك و كورسییەك نەبوو ئەندامەكانی دیل بكات , بەسەر پێوە ئەنجامە دران , بۆیە بڕیارەكان بە پەلە دەرەكران و كرداریشی بە دوادا دەهات , هەر بۆیە هەڵوێستەكان دوور بوون لە قسەی زلی وردە بۆرژوایانەی بێناوەڕۆكی دروشماوی دوور لە پراتیك , ئەمەش دەربڕی هەست و ناخی ئەندامەكانی بوون .

فلكەی چەپ لە خۆیدا كۆبونێكی ئانارشیستی بوو , هەرچەندە بەشێك لە ئەندامانی سەر بە حیزبەكان بوون بە بیروباوەڕی جیاجیاوە .

هەموو ئەندامانی ئێواران بۆ تازە كردنەوەی پەیمانی درێژەدان بە تێكۆشان خۆیان دەگەیاندێ وجودی خۆیان دەسەلماند تا غایب نەدرێن , بۆ ئەوەی ئەركەكانی خۆیان بۆ ڕۆژانی داهاتوو بزانن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەك تەنها ئەو بەياننامانەی ناوی ئاشكرايان لەسەر بوو زۆربەی زۆريان لێرەوە دەرەچوون , بەڵكە ئەوانەشی بە ناوی وەهمييەوە دەرە كران ئاراستەكردن و ساديرەو واريدە و دەركردنی لە فلكەی چەپەوە بوو . بە گشتی فلكەی چەپ ناوەندی كاری بەرهەڵستكاری جەماوەری بوو لە پێناو بەها مرۆڤايەتييەكانی ڕاپەڕين و پاراستنی بەها ئازادی و دادپەروەرييەكانی .

ئەوەی سەنگەری دەگواستەوە بۆ ناو پاە گەورە دەوڵەمەندەكان لە كودەتا سياسييەكان و قايمەو قايمە كارييەكان تا ماوەيەك خۆيان لە فلكەی چەپ دەشاردەوە , نايان وێرا بە نزيكيشی گوزەر بكەن و ئاوڕی لی بدەنەوە , سەنگەر فرۆشتن بۆ ئەندامانی فلكەی چەپ گوناهی گەورە بوو , سازشی لەسەر نەبوو , چونكە گەورەترين گوناهی سياسی بوو لە بەرامبەر ئامانجەكانی .

نەيارانی ئەندامان و خەتی سياسی فلكەش ڕۆژانە دەهاتن بۆی , بۆ گفت و گۆ كردن و بەرپەرچ دانەوەی بەياننامەو بڕيارەكانی .

هەرچەندە فلكەی چەپ قەوارەيەكی سياسی نەبوو , ڕێكخستنێك نەبوو بۆ ئەندام گيری , ئارم و ناوی نەبوو ,, بیٚ سكرتێر و مەكتەبی سياسی و بیٚ يەكێتی فكری بوو , بەڵام وەك ئيلتزامی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقی دەيان كەس ئەندامی هەميشەيی بوون .

ئەندامانی دەزگا سيخوڕييەكانی دەسەڵاتدارانيش دەهاتن بۆ دورينەوەی هەواڵ و هەڵوێستەكان و زانينی بيرو ڕای خەڵك لەسەرييان و گەياندنی بە دەزگا فەرمييەكانييان .

كاتێك ينك لە هەولێر دەسەڵاتدار بوو ئەهلی فلكەی چەپ نەياری بوون , پارتييەكان ئێواران خۆيان دەگەياندیٚ تا داخی دڵی خۆيان لەویٚ ئازادانە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵڕێژن و بەشداری مشت و مڕەکانی بکەن . کاتێك ینك لە شار نەما ئەوجا یەکەم هەنگاوی پارتییەکان ئاو بارانکردنوو دەرکردن و گرتنی ئەندامانی فلکەی چەپ بوو , چونکە دەیانزانی ئەو شوێنە هەر بە نەیاری دەمێنێتەوە , ئەوەندەی لە ئەندامانی ئەو فلکەیە دەترسان سەت یەکی ئەوە لە ئەندامانی نەیارەکەیان ناترسان , چونکە ئەوان وا ڕوخا بوون , زیندووکردنەوەی ورەیان گران بوو , , نەیارییان لە شار نەمابوو , جگە لە فلکەی چەپ . ئەو ڕۆژانە بە گەرمی سەرقاڵی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و دەرکردنی بەیاننامە بوو .

فلکەی چەپ دوا سەنگەری دیموکراسی بوو لە شاردا , لەگەڵ نەمانی بەهۆی پەرت بوونەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە شوێنەواری هەموو ناڕەزایەتییەك لە شاری هەولێر کوژایەوە , لەوساوە نە گوێبیستی هەواڵی ناڕەزایی دەبین , نە بەیاننامەی ئاگراوی دەخوێنینەوە , نە ڤیستیڤاڵەکانی ئەنفال و نە کۆمیتەکانی هاوپشتی نیشتمانی و نە کەمپینە فراوانەکان ریچکە خرێن لە شاری هەولێر .

نەمانی فلکەی چەپ , نەمانی ئازادی و ناڕەزایەتی بوو لەو شارە ملوێنییە , بە چەند دەستە پارتی سیاسی و سەدان ڕێکخراوی جەماوەرییەوە نەیانتوانی بۆشایی شوێنەکەی پڕ بکەنەوە .

فلکەی چەپ سەلماندی حیزبی خاوەند مانگانەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سەردانی و مەراسیم ناتوانێت بوونی خۆی لە کۆمەڵدا بسەپێنێت و وەڵام بە داواکاری ستەمدیدان بداتەوە , ئەوەکاری ڕابەرانی جەماوەرییە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com